حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ١١٢١/
ڕێکەوت : / / ٢٧٢١ کوردی

العدد :
التأريخ : ٣/ ٢ / ٢٠٢٢

## گشتاندنی دارایی ژمارە ( ٥ )

## بۆ / وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## بابەت / پاڵپشتی قوتابیان و خوێندکاران

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٢١) لە ٢٠٢١/١١/٢٤ کە بە نووسراوی سکرتارییەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٥٢٦٢) لە ٢٠٢١/١٢/٧ بەدەستمان گەیشتووە وە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١٧٤٧ ) لە ٢٠٢٢/٢/١ .

بۆ پاڵپشتی قوتابیان و خوێندکاران بڕیارماندا بە :-

١- خەرج کردنی بڕی ( ٤٠٠٠٠ ) چل هەزار دینار مانگانە وەک پاڵپشتی بۆ قوتابیان و خوێندکارانی ناوەوەی شار ئەوانەی لە زانکۆلاین وەرگیراون .

٢- خەرج کردنی بڕی ( ٦٠٠٠٠ ) شەست هەزار دینار مانگانە وەک پاڵپشتی بۆ قوتابیان و خوێندکارانی دەرەوەی شار ئەوانەی لە زانکۆلاین وەرگیراون .

٣- بڕی گوژمەی ماوە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری بەشە ناوخۆییەکان دەبێت بە مەرجێک لە ڕێگەی سیستەمی نوێ ی ئۆنلاین ( سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان) (KFMS) پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان بکرێت .

٤- خەرج کردنی بڕەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە لەسەر بوودجەی ئاسایی زانکۆ و پەیمانگاکان دەبێت لە ( التبرعات و الاعانات).

٥- ئەم پاڵپشتیە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١ خەرج دەکرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) .

بۆ ئاگاداریتان و جێ بە جێ کردنی کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
/ ٢ / ٢٠٢٢